کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-7-2007 1:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

2007-6-30-سوید

**بەرلەوەی ئاریا ئابرووی مەلابەرێ، کۆلکە مەلا ئابەڕوی مەلای بردووە!!. ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

من لەوتارێکی دیکەمدا، کەلەسەر ماڵپەڕی (کوردستاننێت) ی بەڕێز 29-6-بەڵاو کراوەتەوە ئاماژەم کردووە بەوەی، کەزانایانی ڕاستەقینەی بەڕێزی ئاینی، زۆر پیرۆزن و جێگەی ڕێز لێنانن، هەروەها لێرەش دوبارەی ئەکەمەوە، کە ئەوچینە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەناوچەکەو لەکوردستاندا، ببونە بنچینەی خوێندەواری و زانستی، هەرحوجرەی فەقێیان بوخوێندەواری وزانیاری بەڵاوئەکردەوە، کە زانائاینیە بەڕێزەکان، وەک ناوزەند کرابون بەووشەی مەلا، چاودێری و سەرپەشتیان ئەکردو ببونە توێژێکی هەرە گرینگ و پیرۆزی ناو کۆمەڵگاو دەسەڵاتەکانیش بەوپەڕی ڕێزلێگرتنەوە پشتگیریی لێ ئەکردن. بەڵام دیارە زانست لەشوێنێکدا پەنگ ناخواتەوەو ناوەستێ هەربەرەو پێش ئەڕوات وەک یەزدانی مەزن ئاماژەی پێ کرووە لەقورئانیشدا لەئایەتی (یامعشرالجن والانس انستطعتم ان تنفذومن اقطارالسماوات والارض فنفذو ولاتنفذوهاالابسلطان) خوداڕاستی فەمووە، ئەمە بەڵگەیێکی نەشاراوەیە، کەزانست سنوری بۆ نیە، بەڵام زۆرزۆربەداخەوە هەتاکوناوەڕاستی سەدەی ڕادبردوش مامۆستا مەلاکان بەبێ بیرکردنەوە لەناوەڕۆکی ئەو ئایەتە پیرۆزەوە، ئەیان ووت هەرکەسێ بڵێ ئەچنە سەرمانگ ئەوە کافرەو، مانگ نوری خوایەو کەس ناتوانی نزیکی بکەوێتەوە، دەربارەی زەوی (ارچ) هەتاپاش تێپەربونی هەزاروسەدوپەنجاسالیش بەسەرئەوئایەنە پیرۆزەدا، ئەیان ووت زەوی لەسەرقۆچی گایە، گایە لەسەر ماسیە، ماسی لەسەرئاوە، ئاویش لەسەرهەوایە!!! کەئامێری ڕادیو پەیدابو دژایەتیان ئەکرد ئەیان ووت جنۆکەی تیایەو عیلمی شەیتانە، تەلەفیزیون پەیدا بو، هەر حەرامیان کرد، ئێستاش بەشێکیان ئەگەر بۆیان بگونجی بقەی دەکەن، هەروەها من خۆم لە ساڵی (1955) هەرچەندە منداڵ بوم لەپۆلی پێنجی سەرەتایی بوم، بۆسەردان چوبومە گوندێکی نزیکی کەرکوک، مەلایێکی ناسراوو بەناوبانگی لێ بو کە12 فەقی و نیمچە مەلا کەپێیان ئەوتن (موستەعید) ی هەبو، بەرێککەوت بۆیەکەم جار دوفرۆکەی نەفاسەی دوکەڵدار کەلەوەپێش کەس نەیدیتبون، هاتنە سەرناوچەکە وادیاربو بۆڕاهێنان (تەمرین) بوکاتی بەدەوری یەکتریدا سوڕانەوە دۆکەڵەکەیان دەئالایە یەکەوە، مەلای گەورە چاوی پێ کەوت بانگی لەبانگدەرەکەیو فەقێکانی کرد ووتی بچنە سەربانی مزگەوتو سەڵاوات لێبدەن، ئەوەحەزیایەو هەڵی ئەکێشن بۆ ئاسمان، چونکە حەزیا زۆرگەرەبێ هەڵیەکێشن بۆ ئاسمان بۆ ناو دۆزەخ (جەنەم) بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە کە خۆیان ئەڵێن دۆزەخ لەژێرەو، بەهەشت لەسەرە، دیارە بەهەڵە هەڵیان کێشاوە، لەلایێکی ترەوە، کەلەمەولود نامەکاندا باس لەو شەوە ئەکەن کەئامینە خوای لێ ڕازیبێت، زگ پڕبووە بەموحەمەد درودی خوای لەسەر بێت، دیوار شەق بووەو سێ ئافرەتی باڵابەرزلێی هاتۆتنە دەرەوەو، کەیەکیان ساراخاتونی خێزانی پەیغەمبەر ئیبراهیم خەلیلی کورد بووە، مۆزدەیان داوە بەئامینە کەبۆتە دایکی پەیغەمبەری ئاخرزەمان، بەڵام کەباس لە (وەحی) ئەکەنکە موحەمەدلەتەمەنی چل ساڵیدا بوو، پاش هاتنی حەزرەتی جوبرائیل، زۆر ترساوەو گەڕاوەتەوە بۆماڵ، بۆ خەدیجەی گێڕاوەتەوە خەدیجە مۆزدەی داوەتیو پێی وتووە تۆبوی بەپەیغەمبەر!! ئێترنازانین ئەم هەڵوێست وهەواڵانە چۆن یەکتری ئەگرنەوە ئەوە مەگەرهەرکۆلکە مەلاکان سەریان لێ دەرچێ چونکە بەبێ لێکدانەوە چەپڵە بۆخۆیان لێیئەدەن. ئەمانەوهەزاران بیروبۆچونی تری، کەنەدێنەژمارەونەدێنە کۆکردنەوە هەڵوێستی زانستی مەلا نیشان ئەدەن!! بەتایبەت پاش پەیدابونی ژمارەیێکی بێوێنە لە کەسانی لاوازو بێ توانا بۆ بژێوی ژیانیان جلوبەرگی مەلایەتیان کردە بەرو ڕویان کردەمزگەوتەکان چەند پەرتۆکێکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاینیوخوێندنەوەی قوریانی پیرۆزفیربون، کە ئێستاش هەندێکیان هەرئەیخوێننەوەبە هەڵەو هیچ لەماناکەشی ناگەن، وەک لەپێشەوەش ئاماژەمان پێکرد!! توانیانخۆیان تێک هەڵکێش

بەمەلا زاناوبەڕێزەکان بکەن!! هەروەک ئەمڕۆ وائەبینرێن لەبەرچاون، کەچۆن، کرداری نابەچێی واقێزەوەن لێیان ڕو ئەدا، مرۆڤ شەرمەکا بیان گێڕێتەوە، کەمن هەرئێستا لەم ووتارەدا نامەوێت ئاماژە بەچەند ڕوداوێک بکەم کەلە نەوەدەکان لەشاری کەرکوک ڕویان داوە، ئەوەندە قێزەوەنن!!

لەکاتێکدا، کەکۆمەڵگاکەی ئێمە ناوی مەلائەبا، وەیابەسەر زمانی دادێت، ئەبێت پێشا بزانێ مەلا بەکێ ئەڵێن؟! مەلالەووشەدا بەمانا زانایە، زانا، نەک زانای گۆرانی وتنی مەولود خوێندنەوەو، زەکات وسەرفترە وەرگرتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز!! بەڵکو بەمانای زانستە؟! ئەوزانستەی کەزانا بێگانەکانیدەرەوەی زانایانی ئاینیئیسلامی هێنایانە کایەوەو، ماموستازانا ئاینیەکانی ئێمەش بەپشتگیریکردنیکۆلکە مەلاوەئەیانەوێت پێش گیری لێ بکەن، هێشتا ئاگادارنەبۆتنەوە بەڕاستی کە ئەوە تواناێیکی یەزدانیەو بەخشیویەتی بەمرۆڤی خاوەن زانست ولێهاتو!! لێرەدا من قەت لۆمەی کۆلکە مەلا ناکەم، چونکە ئەوان هەڵوێست ونەزانی خۆیان بەسە بۆلۆمەکردن!! بەڵام من پرسیار لەو ماموستا بەڕێزانە ئەکەم کەبەڕاستی لە خزمەتی زانستی ئاینیدان، چۆن تێوە ئەگلێن و بیر لە هەڵوێست و کرداری ئەو کۆلکە مەلا هەل پەرستانە ناکەنەوەوتێکەڵاوی هەڵسوکەوتیان ئەبن و گوێ ڕایەڵی بیرو بۆ چونە کانیان ئەبن، بەداخەوە هەرخۆشیان ناویان ئەبەن بەمەلا، کە تیایانا هەیە خوێندەواریشیان نیە!! ئایە ئەوان ئابەڕویمەلابەڕێزەکانیان بردوە، وەی (ئاریا) کە بۆ ئەوەی هەڵسو کەوتی کۆلکە مەلاێیکیخۆفرۆش بۆ کۆمەڵڕون بکاتەوەوجیای بکاتەوە لەودەستە

نامەلایانەو، ڕێزو سەنگی مەلای ڕاستەقینەو خواناس ونیشتمان پەروەرکەلەئێستاولە ڕابوردوشدا بە سەدان مەلای وامان بووە! هەر وەکو لەئێستاو لە کۆنیشدا سەدان مەلای بەدفەڕو نەزانیشمان بووە، وەکو مەلا محەمەدی خەتێ کەناسراوە بەمەلای (خەتێ) چۆن میرمحەمەدڕەواندوزی (پادشای سۆران) ی مل کەچ کردو بەناو ئاینەوە، گەیاندیە داگیرکەرەکانی کوردستان، کەهەرچەندە ویستیان

بەشەڕچۆکی پێ دابدەن بەلام نەیان توانی، هەتاکو بەمەلایخەتێ توانیان بەمەرامە گەڵاوەکەیان بگەنوسەریان بڕیو کەلەسەرە پیرۆزەکەیان بەناڕەحمەتی مەلای خەتێیا ناردەوە بۆ شاری سۆران

(ڕەواندوز) کۆتاییان بەحکم ڕانی مرنشینی سۆران هێنا!! ئێستاش ئەگەرئاگادارنەبین زۆرمان لەو جۆرە مەلایانە هەیە، بەڵام هەیانە زۆر زیرەکەو جلوبەرگەکەی گۆڕیوە، هەشیان کەمێ نەزانترەو هەر بەو بەرگەوە باوکەڕۆ ئەکات چۆن بگات بە ئاوات!! دیارە توانای شەری چەکداریان نیە بۆیی ئێستا ڕویان کردۆتە دیالۆگ و خۆپاڵدانە ئەم لاو ئەولاو جاری یارمەتی بەسەر هەژاراندا دابەش ئەکەن، کەماوەێیک پێش ئێستا نەبو خۆیان بیخۆن!! وەیا مزگەوتمان بەناوی (عائیشە، وەیافاگمە

الزەهرا) لەناوچە کورد نشینەکان بۆ دروست ئەکەن، چونکە گوندە عەرەبیەکان پێ ویستیان پێ نیە گەیشتون بەئاواتی خۆیان!! گرفتی ئێمەش ئەوەیە کەنوێژکەران عارەبی نازانن بیخوێننەوە

ئەبێت کوتە مەلاکان یارمەتیان بدەن، دیارە ئەوانەش تەواوبووە ماوە ڕێگە بەدرامارۆشنبیریەکان بگرن، چونکە ئەبن بەهۆی ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگا لەو فڕوفێڵانەی ئەوان ئەیکەن بەناو ئاینی پیرۆزەوە، کەخۆی لەڕاستیدائاین لەگەڵ زانستدایەو دژی نەزانینە، هەربۆێێش دوبارەی ئەکەمەوە بەهۆی دواکەوتن و نەزانینەوە!! بەر لەوەی ئاریالەدایک بێت و ئابەڕوی مەلا بەرێت، کۆلکە مەلا ئابەڕوی مەلای برد!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.